ئیدارەی گەرمیـــان
کاروباری هونەری
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمـــــارە : ٦١١
ڕێکــەوت: ٨ / ٢ / ٢٠٢٢

بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.18- 2021) تەندەری پرۆژەی

## [ دانان و دروستکردنی کۆمپاکت یونیت ٢٠٠ م٣/ کاتژمێری لەقەزای کفری ] بۆ جاری دووەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

١. ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە ، کە ئامـادەکراوە لە لایەن (بەڕێـوەبەرایەتی ئـاوی کفـری) ، لە سـەر بـودجەی وەبەرهێنـانی وەزارەتـی نـاوخۆ بەکـۆدی (٠٠٠٦-٠٩-٢١) بۆ ساڵی (٢٠٢٢)خەرج دەکرێت، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٢١٠ ) دوو سەد و دە ڕۆژ.

٢.

٣. • ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

٤. • وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێـنج شـەممە ١٠/ ٢ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە ٢٤ / ٢ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە (١٥٠،٠٠٠ ) سەد و پەنجـا هەزار دینـار دەبێت کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکـردنەوەی ئەم ئاگـادارییە دەکەوێـتە ئەسـتۆی ئەو کەسـەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

٥. • دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( یەک شەممە ٢٧ / ٢ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کـاتژمێر ( ١١:١٥ )ی پـێش نیـوەڕۆ دەبێـت وە لە کـاتی پشـووی فەرمـی دا دوا دەخرێـت بـۆ ڕۆژی دواتر.

٦. • ئەکرێت پێش کرینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.

٧. • بەشـداربوان بـۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـان / کاروباری هونەری / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات .

• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیـان ( ٢ تـا ٥ ) بێـت، وە پێناسـی وەزارەتـی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهد الخط الضامن) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەکـانی تەنـدەر هەیە پێویستە لەکـاتی گەڕانەوەی تەنـدەر پـڕ کـرابێتەوە لەلایەن پێشـکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت وە پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار کردووی تەندەرەکان ( مدة النفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایی نیە .

٥-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦-  فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧-  دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**

**/ / ٢٠٢٢**